# منداڵانی گەڕەک

هیوا قادر

100402

من لە کۆڵانێکدا لەدایکبووم

باخەکانی پڕبوون لە گوڵی سپی، لە پەپوولەی سوور.

کۆڵانێک ئاگری ژیان تیایدا شین شین بوو،

گەڕەک وەک مەنجەڵێک گەنمەشامی

پڕبوو لە هەڵبەزودابەز و

تریقە تریقی

منداڵانی بەروانکە سپی.

پەنجەرەکانی کۆڵانی ئێمە

هێندە شین بوون،

بەشێکبوون لە ئاسمان،

دەرگاکان هێندە سەوزبوون

بە تەقولبابێک بەهار ئەهات بەرەوپیرت.

منداڵانی گەڕەکی ئێمە،

بە ڕۆژی نیوەڕۆ چی ئەستێرەی ئاسمان هەبوو لە چاویاندا بوو،

کە لەسەر زەوی یاریان ئەکرد

پێویستیان بە ئاسمان نەبوو
چونکە ئاسمان لە ناویاندابوو،
کە سەیری پێیەپەتییەکانت بکردنایە
وەک ئەوە وابوو
سەیری ژێر قووبەی
کەنیسەیەک بکەیت کە پڕە لە وێنەی فریشتەی باڵدار.

منداڵانی گەڕەکی ئێمە
کە کچێکی پێڵاوسووریان ئەبینی بە کۆڵاندا ئەڕوات،
وەک پۆلێک چۆلەکە کە زمانیان بیگرێ دوای ئەکەوتن و ئەیانووت:
تۆ، جو، جو، جو، جو، جو، جوانیت.

گەڕەکی ئێمە ماڵی خودای تیانەبوو
چونکە تا ئەو کاتە خودا ماڵی جیانەکردبووەوە لە گەڵمان،
هەموومان بە حیکمەتی ئەو پێغەمبەرانەوەی
کە بڕیاریاندابوو نەبن بە پێغەمبەر ئەژیاین،
چونکە لە چاوی ئێمەدا فیلێک و مێروولەیەک
یەکسان بوون
کە عاشق ئەبوون.

منداڵانی هەموو کۆڵانەکانی گەڕەکی ئێمە

بەناوی خۆیانەوە بانگ ئەکران،
بەڵام لەگەڵ ناوبردنی ناوی ئەواندا
کۆترە شینکەکان لە ئاسمانەوە ئەنیشتنەوە،
شۆرەبییەکان سەریان بەرز ئەکردەوە،
کەوەکان لە چینەکردن ئەکەوتن،
وەک بەوەی کەسێک ئەوان بانگ بکات بۆ یاریکردن
نەک منداڵان.

ئێستا کۆڵانی ئێمە چۆڵە،
منداڵانی گەڕەکی ئێمە هەموویان ڕۆیشتن بۆ شەڕ
چوون بۆ سەفەری دوور ودرێژ و نەگەڕانەوە،
منم تەنها منداڵی گەڕەکی خۆمان،
وەک جاران لەسەر قادرمەی بەردەرگا دانیشتووم و
چاوەڕێم یەکێک بانگم بکات بۆ یاری.
کۆڵانی ئێمە چۆڵە،
پڕە لە سێبەری ئەو منداڵانەی کە کۆڵان خەونی پێوە ئەبینین،
دنیاش پڕبووە لەو پیاوە گەورانەی
کە خەونی منداڵی خۆیان لەناو ئەم کۆڵانانەدا ئەبینن،
من ئەزانم منداڵانی گەڕەکی ئێمە هەرگیز ناگەڕێنەوە
تەنها هەر منم تاقانەترین پیرەپیاوی منداڵی ناو کۆڵان،
کە ئەبێت چیرۆکی ئەو منداڵانە بگێڕمەوە

که هەرگیز لە کوچە و کۆڵانەکانی ئێمەدا نەبوون.

کۆڵانی

ئێمە

چۆڵە.